# دەوڵەت، نەتەوە

**وەرگێڕانی: ئەمیری حاجی محەمەد** — **بەشی دووەم**

A- پێناسەی دەوڵەت بورگسی (Burgess)، بلۆنشلی و ودرۆ ویلسۆن (woodroow Wilson) پێناسەگەلێکی کوت و متی باشتریان هەیە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک تەواونین. بە بڕوای بورگسی دەوڵەت ((بەشێکی تایبەتە لە کۆمبوونی ڕەگەزی مرۆڤ کە بە شێوەی یەکەی ڕێکخراوەیی دەبینرێ)). لە لایەن (بۆنشلی)یەوە، دەوڵەت ((خەڵکێکی لە ڕووی سیاسییەوە ڕێکخراوەو سەرزەمینێکی دیاری کراویشی هەیە)). ویلسۆن دەوڵەتی بە ((خەڵکی ڕێکخراو بە پێی یاسا لە نێو سەر زەوی دیاری کراو)) پێناسەکردووە. دیارە ئەم بیرمەندانە لە بیریان کردووە کە هەموو ئەو یەکەیانانەی کە مرۆڤ لەڕووی سیاسییەوە ڕێکی دەخات، تەنانەت گەر لەشوێنی دیارکراویشدا بێ دەوڵەت نین. یەکە سیاسییەکان لەشێوەیەکدا بە دەوڵەت دەژمێردرێن کە لەسەر بەخۆیی بەهرەمەندبن. لەسەردەمی ئیستعمار، سەرزەمینگەلێکی ناسەربەخۆ هەبوون کە خەڵکەکەی لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ڕێکخراوەو لەنێو سنووری دیاریکراودا دەژیان، بەڵام دەوڵەت نەبوون. پێناسەی گارنر (w.Garner.) ئەم کێماسییەی نییە. بەباوەڕی ئەو دەوڵەت ((کۆم بوونی مرۆڤانی ئازادەیە فرەیە کە زەویەک بەشێوەی هەمیشەیی لە کۆنترۆڵیاندا بێت. لەلایەن بیانییەوە کۆنترۆڵ نەکرێن و حکومەتی دروستکراویان هەبێ کە زۆربەی دانیشتووانی ئەو سەرزەوییە گوێڕایەڵی لێ دەکەن)). ئەم پێناسە بەتەواوی ئاشکرا دەکات کە خەڵکێکی ڕێکخراوە لەسەر زەمینێکی دیاریکراودا پێش دەستتگەیشتنیان بە دەوڵەتمەداری دەبێ لەسەربەخۆیی بەهرەمەند بن. ئەم بۆچوونە لەسەر بوونی دەسەڵاتێکی ڕەوا لە نێو ناوچەیەکی دیاریکراودا جەخت دەکاتەوە. ئەگەر خەڵک ڕژێمێ دروست بکەن کە بەشێوەی سەربەخۆ لە نێو سەرزەمینێ دیاریکراودا دەسەڵاتی ڕەوا بە کاربهێنن و لێیان بێت گوێڕایەڵەیی جەماوەر بەدەست بێنن، دەتوانرێ بگوترێ دەوڵەت دروست بووە.

دال (Dahl) گوتوویەتی: ((بە ڕژێمی سیاسی پێکهاتوو لە دانیشتووانی یەک سەرزەمین و حکومەتی ئەو سەرزەمینە، دەوڵەت دەگوترێ)).

پێناسەی مک ئایڤەر (maciver) لە دەوڵەت: ((کۆمەڵگەیە کە بە پێی یاسا، بەهۆی حکومەتێکی خاوەن دەسەڵاتی زۆر سەپێنەر، کە سەر زەمینێکی دیاریکراوی هەیە و مەرجە گشتی و دەرەکییەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی دەپارێزێت)). هارۆلد لاسکی (Harold laski)یش دیسان دەوڵەت بە کۆبوون لەسەر زەمینێ کە دابەش کراوبێ بە حکومەت و پەیڕەوان، تاکان یان کۆمەڵگەی تاکان، دەزانێ کە پێوەندی نێوانیاندا دەسەڵاتێکی زۆر سەپێنەری باش دیاری کردووە: ((کۆبوون لەسەر زەمینێ کە دابەش بە حکومەت و پەیڕەوان کراوەو لە نێو ناوچەیەکی دیاریکراوی خۆیاندا داوا داری (ادعا) باشترین لەسەرووی هەمووی دامەزراوەکانیتر)). لاسکی و مک ئایڤەر، پشتیوانی بیردۆزی زۆرینەیی باڵادەستی (حاکمیت) بوون و بە پێی ئەمە نیگەران بوون کە شتێک لە پێناسەکەیاندا نەگونجێنن کە بە مانای دەسەڵاتی ڕەهای دەوڵەت بێت. بۆ کۆبەندی لە هەمووی پێناسەکانی دەوڵەت دەبێ بگوترێ کە سەرجەمیان سێ پێناسەی بۆ دەوڵەت هەیە: پێناسەی مافی، پێناسەی فەلسەفی، پێناسە سیاسی.



ئەمیری حاجی محەمەد

هەریەک لە ئەمانە یارمەتی دەری تێگەیشتنن لە دەوڵەت.

لە پێناسەی مافی دەڵێن: دەوڵەت ئەو یەکەیە کە ئەم تایبەتمەندییانەی هەیە: ١- ئاپورە، ٢- حکومەت، ٣- سەرزەمین، ٤- فەرمانڕەوایی (قۆرغی دەسەڵات) یانی حاکمیت.

لە پێناسەی فەلسەفی دەوڵەت خاوەنی یەک ئارمانج بنەڕەتییە: تایبەتمەندییە پێویست و بێ نیاز کەرەکانی دەوڵەت تەواوی باشیەکان، دەوڵەتی چاک، یان دەوڵەتی کامل پەسن (وصف) بکات. لە ڕووی فەلسەفییەوە سێ قوتابخانەی فکری هەیە.

١- دەوڵەت بۆ بەدیهێنانی هاوئاهەنگی نێوان بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە بوونی هەیە. ئەم بیردۆزە هی فەیلەسوفانی وەک (ئەفلاتون، ئەرەستۆ، ئاکۆئیناس، ئەگۆستین و سیسرۆ)یە.

٢- دەوڵەت لە ئاکامی بۆندەی کۆمەڵایەتی (قرار جتماعی) هاتووەتە کایەوە. ئەم بیردۆزە هی فەیلەسوفانی وەک هابز، لاک و ڕۆسۆیە.

٣- دەوڵەت لە ئاکامی خەبات لە نێوان هێزە دژ بە یەکە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیدا بووە. مارکسی و پەیڕەوانی ئەو، ئەم بیردۆزەیان خستووەتە ڕوو.

پێناسەی سیاسی دەوڵەت لەسەر بنەمای ئارمانجی خوازیاری باشیەکان کە فەیلەسوفانێ ئارەزوویان دەکرد دانەنراوە، بەڵکو پشت بە ڕێ و شوێنێ کە لە ڕابووردودا هەبووە، ئێستاکە هەیەو لە ئایندەش دەبێت، دەبەستێت. لەم بۆچوونە دەڵێن کە کۆمەڵگە لە پێکهاتەگەلێکی فرەساکار تا فرە ئاڵۆز، بە پێی گۆڕانکارییەکان لەسیستەمی بەرهەمهێنانەوە، گەشەی کردووە. کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەسەردەمی زۆر کۆن، نزیکەی سێ ملیۆن ساڵ لەمەو پێشەوە دەستی پێ کردووە. پاش تێپەڕبوونی هەزاران ساڵ مرۆڤ سەرئەنجام لە ژیانی ئاژەڵی، دەرهاتن و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پەیدا بوو. کرۆکی بنەڕەتی ئەم ڕەوتی تەکاملی مرۆڤایەتییە، ئیشوکار بووە کە دەبێتەهۆی بەرهەمهێنان. هیچ کۆمەڵگە بوونی نەبووە کە بەرهەمی تێدا نەبێ، چونکە مرۆڤ نیازی بە بەرهەم هەیەو بەبێ ئەو ژیانی بۆ دابین ناکرێ. لەبەدیهێنانی بەرهەم، گروپ و چینە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان هاتنەکایەو، کارکردنی مرۆڤ لە مرۆڤ جودا بووەوە. مارکس و انگلس باوڕیان وابوو کە لە ڕەوتی پەیدا بوونی چینەکان، مرۆڤ لەکارکردن لایداو بەردەوام مرۆڤ هەوڵی ئەوەی داوە کە سەرکەوێ بەسەر ئەم حاڵەتەو ئەم دوور بوونە لەکاری مادی و مەعنەوە ڕەت کاتەوەو تەنیا ڕێگەی زاڵ بوون بەسەر ڕەوتی بەرهەمدایە. بە باوەڕی ئەوانە، سروشتی پەیوەندییە بەرهەمیەکان لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا، خەباتە لە نێوان چینە جۆراوجۆرەکاندا بۆ دەسەڵات و خستنە ژێر ڕکێفی ڕەوتی بەرهەم و دەوڵەتیش بەیان و دەسکەوتی ئەم خەبات و تێکۆشانەیە.

لە بەشی سێیەم ڕەگەزە بنەماییەکانی دەوڵەت دەخەینەڕوو

---

دەروون دونیا

# کەرکوک ئاهەنگ بەسە

پیاوێکی زوڕنا ژەن هەبوو لە کەرکوک (ساڵح)ی ناو بوو زۆر بەتواناو هونەرمەند بوو لە کارەکەیدا، بەئاسانی هیلاک نەدەبوو لە زوڕنا لێدان، ژنێکیشی هەبوو زۆر ئارەزووی لەهەڵپەڕکێ بوو، کە دەستی بگرتایە ئەوەندە بەجۆش و خرۆش بوو بەئاسانی وازی لە هەڵپەڕکێ نەدەهێنا. جارێکیان لەئاهەنگێکدا دەبێتە ململانێیان تا بزانن کامیان کۆڵ بەیەکتر دەدەن، پاش ماوەیەک ساڵە چاوش دەڵێ (ئەرێ گوێم دڕا، پەنجەکانم شل بوون، هەی پرچت بڕن ئەمە هیلاک نەبووی، میزێکت نەهات، تۆ چیت، وا دەست بەرنادەی).

ئەگەر بەراوردو لێک چوونێک لەنێوان ڕەوشی کەرکوک و هێزە سیاسییەکانی کورد و عێراق بکەین لەگەڵ ئەو حکایەتەدا لەزۆر لایەنەوە لەیەک دەچن. کەرکوک یەکێکە لەو شارە (کوردییە) هەرە گرنگانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لەدێر زەمانەوە وەکو پێگەیەکی ئابووری جێگەی سەرنج و تەماحی دوژمنانی کورد بووە، لە ئەدەبیاتی شۆڕش و حزبایەتی کوردیشدا هەمیشە (موزایەدە)ی لەسەر کراوەو ناوی سەیریان بۆ داناوە. ساڵانێکی دووروودرێژە سەرکردایەتی سیاسی کورد ڕۆڵەی کەرکوک و کەڵە پیاوی ئەو دەڤەرەی کردە گەرووی شۆڕشەوە، بێ جیاوازی لەزەمانی پاشایەتییەوە تا ڕوخانی ڕژێمی بەعس. لەو ماوەیەشدا سەدان بەڵێن درا ئەگەر کورد ڕزگاری بێت ئەمە دەکەین و ئەوە دەکەین بۆ کەرکوک. بەداخەوە چوارەمین ساڵیادی ڕوخانی بەعس دەکەین، کەچی نەک تەنها ڕەوشی ئاسایش و ژیانی خەڵکی، بەڵکو ئایندەی سیاسی و جوگرافیشی بڤەیە بۆ خەڵکی باسبکرێن هەموو ئەوانەی کە شارەزاییان لە سیاسەت و ململانێی سیاسیدا هەیە کاتێ کەرکوک دەخەنەژێر لێکۆڵینەوەوە دەزانن کە داهاتووی ئەو شارە زۆر تەم و مژاوییەو زۆر ئەستەم و مەحاڵە بەم شێوە کارکردنە بتوانرێ تەنیا (پێناسە) کەشی ناوی کوردی تیابێت. هەرچی ئەمریکایە زۆر بەوریاییەوە لەگەڵ ڕەوشەکەدا دەڕۆن ناوبەناو بەهەرەشەی ئابووری و جارێکیش بەدیبلۆماسیەت لەگەڵ تورکیا قسە دەکەن لەسەر ئەو شارە. دەیانەوێ ویلایەتێکی سەربەخۆبێت و نەدرێ بەهیچ لایەک، تورک و عەرەب (بە شیعەو سوننەشەوە) دژایەتی کورد دەکەن و نایەڵن کورد باڵادەست بێ لەوێ. ماددەی (١٤٠)یش تەنیا کۆمەڵێ بەندی چاوبەستەکێی دیکەیەو لەکورد دەکرێ، سەرکردایەتی کوردیش بەهۆی ململانێی ناڕەوای ناوخۆو خۆدەوڵەمەند کردنەوە زۆر بێ خەم بوونە لە ئایندەی ئەو شارە. ئەوەش نەبێ نەزانن، مەسەلەکان چین و سەردەنەنە کوێوە، بەڵام هەقیان نییە لە خەڵکی دەشارنەوە هەتا هەبێ دەیخۆن و کە نەیشما دەچنە ئەوروپا. هەرچی خەڵکی داماوی ئەو شارەش هەر لەچاوەڕوانی گۆدا ڕۆژانە لەناو باروت و تیرۆرو سیاناو ژیان بەسەر دەبەن، هەندێکیش هەر لەسەر (ئەی ڕەقیب)ەکە ماوەو هەر هیلاک نەبووە، مەگەر وەکو ساڵە چاوش بڵێین کەرکوک (هەی پرچت بڕن، ئەرێ هیلاک نەبووی) ئەرێ تێنەگەیشتن لەو بەرپرسە کوردی عێراقیانە ئێ دەبەسە هەتاکەی؟.

---

# کاتێ ناودارێک دووچاری کێشەیەک دەبێتەوە!

**ئامادەکردنی : شەرمین عوسمان - سوید**







لەم ڕۆژانەدا ڕاگەیاندنەکانی ئەمریکا و جیهان خۆیان بەقەیرانی گۆرانیبێژی ناودار ( بریتنی سپێرز) خەریک کردووە. زانیاریەکان باس لەوە دەکەن کەناوبراو دووچاری نەخۆشی دەروونی هاتبێ، هەندێکی دیکە پێیانوایە کە لەئاکامی دابڕانی هاوسەرەکەیەوە دووچاری نیگەرانی و حەسرەت بۆتەوە. هەرچۆنی بێ ئێستا ئەو گۆرانیبێژە نازدارە لەتەنگژەو قەیرانێکی دەروونی و ئابوریدا دەژی.

لەلایەکی دیکەوە زانیاریەکان باسی ئەوە دەکەن کەشووەکەی بریتنی سپێرز داوای جیابوونەوەی کردووە، بەو هۆیەشەوە بەشێکی زۆر لەسامانی بریتنی دەبات، بەڵام بریتنی لەشووەکەی دوو منداڵی هەیە، نایەوێ لێی جیابێتەوە، حەز بەو دابڕانەش ناکات، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو کێشەیە هەنگاوێکی کەموێنەی هەڵێناوەتەوە، قژی خۆی بڕیوەو لەمەزاد دایناوە.

دەڵێن کاتێ بریتنی زانیویەتی کەشووەکەی داوای جیابوونەوەی کردووە، شۆک دەبێ و دەبوڕێتەوە، دەبردرێتە نەخۆشخانەو لەژێر چاودێری پزیشک دەهێڵرێتەوە، ئەو شەوێک پارێز وەردەگرێ، خۆی ون دەکات و پەلاماری ئۆتۆمۆبیلەکەی خۆی دەدات و دەیەوێ بیشکێنێ، بەڵام پاسەوانەکان فریای دەکەون و بۆ تەختەکەی دەیگێڕنەوە.

دەروونناسان و پزیشکان لەئاکامی پشکنین و دواندندا بەو سەرەداوە گەیشتوون کەجیابوونەوەی شووەکەی کاریگەری لەسەر هزرو دەروونی داناوەو دووچاری نەخۆشی کردووە، بۆیە لە( کێڤین فێدەرلاین )ی هاوسەریان خواستووە کەئاوڕی لێبداتەوەو کۆمەکی پێبکات، ئەویش بەخۆشحاڵیەوە بەهانایەوە هاتووەو ئامادەیی بۆ هەر جۆرە هاوکاریەک دەربڕیووە.

پزیشکەکان پێیانوایە کەبریتنی هەر بەڕاستی دووچاری نەخۆشی لەبیر چوونەوە هاتووە، هەندێکی دیکە بەشێتی لەقەڵەم دەدەن، دەڵێن کاتێک چۆتە ئارایشگەو داوای کردووە کە قژی بتاشن، وایان زانیوە کەبۆ مۆدیل دەیەوێ، بەڵام دوایی بۆیان دەرکەوتووە کە دەیەوێ بیفرۆشی و پارەی پێ پەیدا بکات. هەرچۆنێ بێت ئێستا وەکو مرۆڤێکی ئاسایی سەیری ئەو گۆرانیبێژە ناودارەناکرێ، ئێستا جوانی و شۆخ و شەنگی خۆی لەدەستداوە، سیمای لەمرۆڤێکی نەزان و کەم ئەقڵ دەچێ.

لەوانەیە ڕۆژانە دەیان کەسی دیکە دووچاری نەخۆشی لەو بابەتەبن، بەڵام چونکە ناودارو ناسراو نین کەس ئاگای لێیان نیەو کەسیش باسیان ناکات، کەچی ناودارێکی وەکو بریتنی لێی دەکرێ بەهەراو هۆریاو تەواوی میدیاکانی جیهان باسی دەکەن.

لەکۆتاییدا دەڵێین چۆن ژیانی ناوداران لەژیانی خەڵکی ئاسایی ناچێ، قەیران و کێشەکانیشیان لەدیتران جیاوازە، ڕاگەیاندنەکان خۆیان پێوە خەریک دەکەن، با بزانین ئاکام بەچی دەگات !!؟

---

# ژنی کورد و کاری سیاسی

**نەسرین کەریم**

سەدان هەزار وشەی بریقەدار و سەرنجڕاکێش بۆ ژنان وتراون و پیایاندا هەڵدراوە کە گوایە کۆمەڵ چەند پێشکەوتوو بێ ئەگەر ڕۆڵی ژنی تێدا دیار نەبێ و مافی ژن پارێزراو نەبێ هیچ پێشکەوتوو نییەو وەکو مەلێکی باڵ شکاو وایە. دەیان ململانێ و مشت و مڕ کراوە لەسەر یەکسانی ژن و پیاو لەکار و کردەو هۆش و بیرکردنەوەدا، کەچی تا ئێستاو لەپاش ئەو هەموو شتانە، کاری ژنان و بەرگری کردن لەمافەکانیان تەنیا پشتی بەستووە بە شێوازی کۆمەڵەو ڕێکخراوی سێبەرو پاشکۆی حیزبیەکان و دەستە خێرخوازەکان، ئەوانیش بەدەوری خۆیان شتگەلێکی خراپ نین و ڕۆڵ و سوودیان هەیە لەخەبات و تێکۆشانی ژنان کە دواتر دەبەسترێ بە خەباتی گشتی ڕەوای گەلەکەمانەوە، بەڵام ئەوەی کە جێگەی سەرنج و تێڕامانە کاری ئەم ڕێکخراوانە ئەوەندە پاشکۆیی حزبی پێوە دیارە، ئەوەندە ململانێ لەناو خودی خۆیاندا دەکەن نیو ئەوەندە خەریکی ئەوە نین کە پێگەی سیاسی ژن لەناو کۆمەڵ و حزبە سیاسییەکاندا بەهێزبکەن. بەشداری کردنی ژنان لەدەسەڵاتی سیاسی و حزبی و تەنانەت ئیداری پلە بەرزیشدا ئەوەندە کەمە، ئەگەر بەزانستیانەو بوێرانەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ ڕوون دەبێتەوە کە ئێمە لەوڵاتێکی پیاوسالاری وادا دەژین کە تەنیا دروشم و قسەی زل و بریقەدار گێژی کردووین و سەرجەم بەڵێنەکان بەدابین کردنی بڕێک پارەو ماڵ و چەند مامەڵەیەکی ناڕەوای نێوان ژن و پیاو کۆتاییان پێ دێ و ژنان تەنیا لەخەوی خەفڵەتدا دەمێننەوەو دەبن بە پاشکۆی پیاوان. هەربۆیە تائێستاو بەشێوەیەکی فەرمی ژنان وەکو سەرکردەیەکی حزبی یان سیاسی دەرنەکەوتوون. ڕاستە چەند ژنێک لەکوردستاندا بەهۆی هاوسەرەکانیان یان کەسوکاریانەوە ڕۆڵی زۆر بەهێزو گرنگیان دیوە لەنێو خەباتی درێژخایەنی ئەم گەلە، یان لەچەند حزبێکی بچووکی دەرەوەی دەسەڵات وجوودیان هەیە، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کە بڵێین ژن گەیشتۆتە ئاستێک پشت بەخۆی ببەستێ و بێ خەم بێ، ئەگەر بۆ حزبە ئیسلامی و خێڵەکی و ڕاست ڕەوەکان ڕەوابێت دەسەڵات نەدەنە دەست ژن چونکە بڕوایان وایە هەر کۆمەڵگەیەک ژن ئیدارەی بدات وێرانەیە، دەبوایە حزبە چەپ و دیموکرات و علمانیەکان وانەبوونایە، بەڵام ڕەنگە ئەم جۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ ڕەوتی خەباتی ژنان تەنیا لەلای ئێمەو لەکوردستاندا بەم شێوەیە بێت و تەنیا بە ڕوخساربێ و لەقاڵبی بەڵێنی جێبەجێ نەکراو دابن. ئەگینا ئەوەتا لەئێران ژن خۆی کاندید دەکا بۆ سەرۆک کۆماری، هەستیارترین وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و بەشی خۆی دەنگیش دێنێ. ئەگەرچی ڕاگەیاندنی ئەمریکاو بەشێک لە دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان ئەم سیستەمەی ئێران بە سیستەمێکی ئیسلامی توندڕەو و دواکەوتوو دادەنێن، بەڵام ئەو بوار ڕەخسان و ڕێزگرتنەی ژنان بۆ بەشداری کردن لەکاری سیاسی دا بۆخۆی دیاردەیەکی مەدەنییەو یەکێکە لەنیشانەکانی پێشکەوتنی شارستانی. لە وڵاتانی ئەوروپاش ژنێک دەبێتە سەرۆکی سۆسیال دیموکراتەکان. ئێستا گرنگی دان بە ڕۆڵی ژنان لە کاروانی گۆڕانی کۆمەڵگەدا بەسەرخان و ژێرخانەوە دەبێ ئەرکێکی لەپێشینەی حزب و بزووتنەوە شۆڕشگێڕی و نیشتمانپەروەرییەکان بێت و بواریان بۆ بڕەخسێنێ هەتا ئەوەی پێیانە پێشکەشی کەن لە دەست ڕەنگینی و خزمەت کردنی گەل و نیشتمان. بەشداری کردنی ژنان لەبەرەوپێش بردنی کۆمەڵگە، تەنیا بەبانگەواز نابێت، یان تەنیا ئەوە نییە کە هەندێکی کەم لەهەردوو ڕەگەزەکە لێی تێگەیشتوون یەکتری پێ سووک دەکەن، وەکو شاعیری کورد (هەردی) نەمر دەڵێ لای ئەوانە کچ بۆ ڕازانەوەی مێزی شەرابە. بەداخەوە هەتا بەو چاوەوە بڕوانرێتە ژنان و بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ نەگۆڕانکاری ڕوودەداو نە ژنیش ڕزگاری دەبێ... ئەوەی کە ئەمڕۆ ژنان ڕۆڵی تێدا دەبینن تەنیا چەند کارێکی سنوورداری کەم دەسەڵاتە کە خۆی لە ئەنجومەنی شارەوانییەکان یان ئەندام پەرلەمانەکانە کە ئەویش بۆ پڕکردنەوەی شوێنە بە ئاراستەکردن و ڕێنمایی کردن لەلایەن حزبەکانیانەوە کە هیچ پلەیەکی بەرزی سیاسی و حزبییان تێدا نییە. بۆیە دەبێ کۆمەڵگە بە گشتی و بەتایبەتیش ژنان خۆیان وەکو مرۆڤێکی ئەم گۆی زەمینە کە ئێستا ڕۆڵیان هەیە لە دانان و لادانی دەسەڵاتە حکومییەکان لە ڕێگەی دەنگدانەوە، چ وەکو پیاوانی ڕۆشنبیر و بە ئەمەکیش هەوڵی هەڵتەکاندنی ئەم شێوازی کارکردنە بدەن کە لە ڕوخساردا ناوی خۆی ناوە مەدەنی و لەناوەڕۆکیشدا سەر بەهیچ سیستەم و بنەمایەکی کۆمەڵاتی نییە.